**حاجی ژنێکی گەرمیان، بە مووچەی ئەنفالانەکەی مزگەوتێکی دروستکرد**
**سەباح عەلی جاف ***

جینۆسایدی نەتەوەی کورد لە ژێر ناوی پرۆسەی ئەنفال، بە هەشت قۆناغ لە لایەن حکومەتی عێراقی بە سەرۆکایەتی سەدام حسێن و بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیاویی) ئەنجامدرا، بە درێژای مانگەکانی ساڵی (1988)، بە هەشت قۆناغ ئەو تاوانە گەورەیە لە زۆرێك لە ناوچەکانی باشووری کوردستان هەر لە بادینانەوە تا گەرمیان بەڕێوە چوو، قۆناغی سێی ئەنفال لە ناوچەکانی گەرمیان ئەنجامدرا، ئەم قۆناغە بە گەورەترین و سامناکترین قۆناغی شاڵاوەکان دانراوە، چونکە زۆرترین مرۆڤی بێتاوان لە (منداڵ، گەنج، پیر) لە هەردوو ڕەگەز بەرەو چاڵەکانی مەرگ بران و بۆ ئەبەد نەگەڕانەوە، ڕژێمەکەی سەدام دەستیان لە هیچ نەپاراست، ئەوان مزگەوتەکان و سورەتی ئەنفال و قورئانەکانیشیان ئەنفال کرد.
چیرۆك و کەسەرەکانی ئەنفال پاش (36) ساڵ بەردەوامە و هەر ڕۆژەی بە قەد گەورەیی تاوانەکە لێرە و لەوێ گوێ بیستیان دەبین، بستێك خاك لە گەرمیانی سوتماکدا نیە ئازار و چیرۆکێکی ڕۆژە ڕەشەکانی ئەنفالی لە خۆ نەگرتبێت، ئێستایش ژنان و پیاوانی کەسوکاری ئەنفال بە تەمایی گەڕانەوەی ڕۆڵەکانیانن، زۆرێك لەوان بە حەسرەتی گەڕانەوەیان ڕۆحیان سپارد و ئازارەکانیان لەگەڵ خۆ بردە ژێر گڵ، زۆری تر لە حەسرەتی کەسوکار و نەوەکانیان تووشی دەیان نەخۆشی دەروونی و جەستەی بوون، بەشێك لەوان ئاوەزییان لە دەست دا و هەڵوەدا بە کوچە و کۆڵانەکان بە دوای ئەواندا وێڵن.
لە ناحیەی ڕزگاری لە (11ی کانوونی یەکەمی 2024)، ژنێکی کەسوکاری ئەنفال کۆچی دوایکرد، ئەو ژنە هەر خۆی بەتەنها چواردە کەس لە نەوە و بنەماڵەکەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، حاجی ئامینە فەقێ محەمەد، هاوسەری خەلیفە حاتەم حەسەن شاسوار، یەکێك لەو هەزاران ژنەی بەر شاڵاوی شومی ئەنفال کەوت و بەشی زۆری کەسوکارەکەی لە ئەنفالدا تیا چوون و نەگەڕانەوە، میمکە (پورە) ئامینە خەڵکی ئاوایی بنەکەی سەر بە ناحیەی تیلەکۆی سەر بە قەزای کەلار، لە قۆناغی سێی جینۆسایدی نەتەوەیی کورد لە ژێر ناوی ئەنفال بە خێزانەوە بەر شاڵاوە دڕندانەکەی بەعس کەوتن و لە گرتوخانەی تۆبزاوا لە منداڵەکانی جیاکراونەتەوە و براونەتە قەڵای نوگرەسەلمان.
میمکە ئامینە، حەوت مانگ، سەختترین ڕۆژەکانی برسێتی و تینوێتی و ترسی ناو قەڵای نوگرەسەلمانی بەڕێ کردووە، خەلیفە حاتەمی هاوسەری حاجیش لەگەڵ منداڵ و نەوەکانی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، پاش دەردەسەرییەکی زۆر لە زیندانەکانی بەعس و قەڵا ترسناکەی نوگرەسەلمان ڕزگاری بووە، پاشان چووەتە کەرکووک لەماڵ حاجی ڕۆستەمی برای بە ترس و نیگەرانی زۆر ماوەتەوە و خۆی حەشار داوە، پاش دەرکردنی لیبوردنی گشتی لە لایەن حکومەتی ئەو دەمی عێراقەوە لە (٦ی ئەیلولی 1988)، گەڕاوەتەوە بۆ ناحیەی سمودی پێشوو (ڕزگاری ئێستا)، لەگەڵ حاجی ئامینەدا ژیانێکی کوڵە مەرگیان لە چاوەڕوانی منداڵ و نەوەکانی گوزەراندووە.
حاجی ئامینە و خەلیفە حاتەم، هەموو جەژنێک، ئەو جەژنەی بۆ خەڵکی خۆشی و شادی و بۆ ئەمان غەم و دڵتەنگی، جێ و بانیان ڕا خستووە بە ئومێدەوە گوتوویانە "بەڵکو ئەم جەژنی قوربانە منداڵەکان بێنەوە"، بە داخ و بەحەسرەتەوە، چاوەڕوانیان بوون تا ئەو دەمەی لە (نیسانی 2003)، ڕژێمی بەعس ڕوخا و هیچ خەبەرێک نەبوو، خەبەری گەڕانەوەی کاروانەکان بووە سەراب و حاجی و خەلیفەیش ئیتر تێگەیشتن ئیتر بۆ هەتا هەتایە ئەوان و ئەنفالەکان نایەنەوە، بۆیە دەیانگوت "خوایە حەقیان بسێنن، بێتاوانن"، لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەنفال و بێ ئومێدی نەگەڕانەوەیان خەلیفە حاتەم لە (4ی تشرینی دووەمی 2007)، سەری نایەوە و حاجی ئامینەی بە تەنها بۆ لە کۆڵگرتنی ئازارەکان بە جێهێشت.

حاجی ئامینە پاش کۆچی دوایی هاوسەرەکەی، ساڵانێکی زۆر بەتەنیا ژیا، هەمیشە بە ئۆمێدی گەڕانەوەی منداڵەکانی بوو، بەردەوام ناوی منداڵە ئەنفالکراوەکانی هێناوە، سەر باری ژیانێکی سەخت، بەڵام بڕیار دەدات لە مووچەی ئەنفالانەکەی و بە پارە و قوتی ڕۆژانەی مزگەوتێك دروست بکات و بیکاتە ناوی کوڕە ئەنفالکراوەکەی (فایەق خەلیفە حاتەم)، سەدام و ڕژێمەکەی کوردییان لە ژێر ناوی قورئان و ئەنفالدا جینۆساید کردووە، کەچی (ئامینەی حاجی) بڕیار دەدات و ئاوات و ئومێدی بوو مزگەوتێك دروست بکات، لەو جێگایەی لە ئەنفالدا بەعس مزگەوتەکانیشی جینۆساید کردووە.
ئێش و ئازاری حاجی کەم نەبوو، مەگەر هەر خۆیان بزانن لە چ دوەزەخێکدا ژیانیان گوزەراندووە، ئومێدی گەڕانەوەیش دادی حاجی ئامینە و ئامینە ئاساکانی نەدا، هەر ئەوەیش وایکرد حاجی ئامینە لەم دوا دوای تەمەنەیدا تووشی لە بیرچوونەوە ببێت و کەسە نزیکانی چاودێری بکەن، بەو دۆخەیشەوە هەمیشە کۆڵێکی لە کۆڵ کردووە و سەر بەرەو ژوور ملی ڕێگای گرتووە، هەر کات لێیان پرسیەوە و جار بە جار بیری کەوتووەتەوە، ووتویەتی "دەچمەوە بۆ ئاوایی بۆ لای منداڵەکانم"، پیری، نەداریی، نەخۆشی و بیرچوونەوە، منداڵەکانی بیر نەدەبردەوە و هەمیشە چاوەڕوانیان بوو، پێش مردنی ئاواتی ئەوە بوو ئەو مزگەوتەی بە پارەی ئەنفالانە لە (گوندی سماق) دەستی بە دروستکردنی کرد بوو، تەواو ببێت و سەرێکی لێ بدات و دوو ڕکات نوێژی خێری بۆ گیانی پاکی ئەنفالکراون تێدا بکات، چەند ڕۆژ بەر لە ماڵئاوایی یەکجاری چووە گوندی سماق و سەری لە مزگەوتەکەی دا، لەوێ ووتی"ئیتر من گەیشتمە ئاواتی خۆم، ساڵەهایە ئەم ئاواتەم هەیە، شکور بۆ خوا نەم بردە گۆڕ، ئیتر قەینا بمرم"، ئاواتی دروست کردنی مزگەوتەکەی نەبردە گۆڕ، بەڵام ئاواتی گەڕانەوەی ئازیزانی ئەنفالی بردە گۆڕ!.
ڕۆژی (15ی کانوونی یەکەمی 2024)، بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە هاوڵاتیان و کەسوکاری حاجی ئامینە و کەسوکاری ئەنفالکراوانی گەرمیان، لە گوندی سماق، مزگەوتەکەی حاجی کرایەوە، بەڵام ئەو خۆی لەوێ نەبوو و چوار ڕۆژ پێشتر کۆچی دوای کرد و لە گۆڕستانی (کەلاری کۆن)، دوور لە کەسوکار و منداڵەکانی بە خاك سپێردرا، شایانی باسە بنەماڵەی خەلیفە حاتەم و حاجی ئامینە، (14) کەس لە منداڵ و کوڕ و کەسوکارییان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون، حاجی ئامینە محەمەد ساڵەح، لە ساڵی (1940) لە گوندی بنەکە لە دایك بووە و لە هۆزی زەنگەنە بووە، حاتەم حەسەن شاسوار، لە ساڵی (1927) لە گوندی بنەکە لە دایك بووە و لە هۆزی زەنگەنە بووە، هەر دووکیان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون و پاش زیندانی کردنیان لە قەڵای نوگرەسەلمان، ئازاد کراون، بەڵام لە خێزان و بنەماڵەکەیان (14) کەس بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون، بەشێك لە ئەنفالکراونی بنەماڵەکە:
1-فایەق حاتەم حەسەن، لە دایکبووی (1960)، 2- مەریوان فایەق حاتەم، لە دایکبووی (1983)، 3- کاروان فایەق حاتەم، لە دایکبووی (1985)، 4- هاوژین فایەق حاتەم، لە دایکبووی (1986)، 5- وریا فەایق حاتەم، لە دایکبووی (1987)، 6- سەدریە حاتەم حەسەن، لە دایکبووی (1965)، 7- بەدریە حاتەم حەسەن، لە دایکبووی (1970)، 8- بەهار مەجید فەتحی هاوسەری فایەقی کوڕە گەورەی خەلیفە حاتەم، لە دایکبووی (1963).
کوڕە گەورەکەی خەلیفە حاتەم، تاقانەی دایك و باوکی بووە، یەکێك لە کچەکان خەلیفە (بەدریە) هاوسەر گیری لەگەڵ (نەجمەدین حاجی مەجید قەڵا) کرد بوو، خۆی و پێنج منداڵ و هاوسەرەکەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون، بنەکە ئەو گوندەی ئەو خانەوادەیی لێ بووە خاوەنی (260) ئەنفالکراو و شەهیدن.

- **مامۆستای بەشی مێژوو لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی گەرمیان+ ئەندام لە بۆردی سەنتەری جینۆساید لە زانکۆی گەرمیان**